# چەمکی جیهاد لە نێوان مەعریفە و ئایدۆلۆژیادا

فاتمە عومەر ڕێشاوی
Fatima1964_1@hotmail.com

کاتێ گوێمان لە ووشەی جیهاد دەبێ, دەبێ جیاوازی مانای چەمک (مفهوم) وناو(اسم علم ) لە زیهنماندا ئاشکرا بێ. لە ئاست چەمکدا دەبێ خوێندنەوەیەکی دینامیکیانەی, نەک ستاتیکی بۆبکەین. واتە ئەگەر کەسێک ناوێکی لێنرا, ئیتر تا مردن هەلگری ئەو ناوە ئەبێ. بەلام چەمک بە بابەتێک دەوترێ کە تێگەیشتن و وەسیلەکانی لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێک جێگیر نابێ. بەم پێیە جیهاد ناکرێ ناوێک بێت و نرا بێ لە کۆمەلێک چالاکی چەکداری و جموجولی تۆقێنەر و گوتاری ئاگرین و ووشەی زرق و برق, هەموو دنیا بگۆڕێ, کەچی ئەو چەمکە هەر بە وەستاوی بمێنێتەوە.

ووشەی -جهاد- لە زمانی عەرەبیدا بەدەر لە هەموو بەکارهێنانێکی ئایدۆلۆژیی و سیاسی بە مانای ( تێکۆشان و هەولو تەقەلا ) دیت, بەلام بۆ ئەوەی تێکۆشان و هەولو تەقەللا ئەنجامێکی دروست بدا بە دەستەوە دەبێ ئەقل و زانست و مەعریفە پالپشتی بێت. دەنا ئەنجامەکەی کارەسات و گەندەلکردنی بیروهۆشی لێ وەدی دێ.

ئەوانەی کە بە شێوەیەکی دروست لەوچەمکە گەیشتوون یان زۆر دەگمەنن, یان هیچ مەنهەج و ڕێبازێکی زانستیان نیە کە بتوانن بەرپەرچی هەموو ئەو تەفسیر و ڕێبازە چەوتانە بدەنەوە کە لە ئەنجامی ئەم چەمکەوە دروست بووە. یان سۆز و عاتیفەیان نایەلێ بە ئاشکرا ڕەخنە لەو جیهادیانە بگرن. یان باوەڕیان وایە کە ئەم گروپە توندرەوانە ڕۆژێک لە ڕۆژان سەرکەوتن بەدەست دێنن, بۆیە حسابێک بۆ ئەو ڕۆژە دەکەن. بەلام ئەزموونی مرۆڤایەتی ئەوەی سەلماندوە کە لۆژیک و بیرکردنەوەی لەو جۆرە هەرگیز سەرکەوتنی ڕاستەقینە وەدەست ناهێنێ.

ئەو گروپانەی کە جیهادیان کردۆتە ستراتیژیەتی خۆیان, یان بەرژەوەندیەکی تاکەکەسی خۆیان لەوێدایە و ناتوانن وازی لێبێنن, ئەوانەش ئەو کەسانەن لە هەر کوێیەکدا بن, هەر بەرژەوەندی تاکەکەسی خۆیان دەبێتە مۆتیڤ بۆیان. یان ئەو کەسانەن کە ناهۆشیارن, نەک تەنها بەرامبەر چەمکی ( جهاد) بەلکو بەرامبەر ڕاستی مانای ژیان و ئەم سەردەمەش کە تێیدا دەژین و بێ ئاگاشن لە ڕەوڕەوەی مێژوو و شارستانیەتیەت. لای ئەوان مێژوو هەر لە ئیسلامەوە دەست پێدەکات و هەر لەوێشدا دەمێنێتەوە. کێشەکەش لەوەدایە کە لە ناو هەموو گروپ و ئایدۆلۆژیایەکدا بەرژەوەند پەرستەکان, ناهۆشیارەکان بەبەردەوام بەکاردەهێنن و بە ناوی خوا و قسەی زل و دروشم و پەیمانی بەهەشت و حۆریەکانەوە حەزو خۆزگەکانیان دەورووژێنن.

چەمکی جیهاد بە درێژایی مێژووی ئیسلام یەکێک بوە لەو ووشە پڕ گرفتانەی کە لێدوان و بەکارهێنانی زۆر جیاوازی بۆ کراوە. لەگەل ئەوەی دەسکەوت و سەرکەوتن و ڕۆشنگەری

بۆ کۆمەلگەی ئیسلامی و نا ئیسلامی وەدەستهێناوە, بەلام لەهەمان کاتدا چەندەها کارەسات و مەینەتی و گەندەلی بیروهۆشیشی لێکەوتۆتەوە. دەشێ زۆر لە خوێنەران پێیان سەیر بێ کە من بەو شێوە دژواریە چەمکی جیهاد دەخوێنمەوە. بەلام من ئەوە فێربووم کە نەوەک ئیسلامیەکان -پیرۆزگەرانە- ونەوەک عیلمانیەکانی لای خۆمان-نامونسیفانە- سەیری مێژووی ئیسلام, نەکەم. بە بۆچونی من هێزی خێر و چاکە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا لە ڕێگەی -فتوحاتی ئیسلامیەوە-, بۆ چەند سەدەیەک سەرکەوتنی وەدەست هێناوە چونکە ئەو کات گوتاری ئیسلامی نوێنەرایەتی بیرێکی تازەگەری و ڕۆشنگەری دەکرد. ئەو لەشکرەی کە لەسەر بنەمای جیهادکردن وبۆ بلاوکردنەوەی ئیسلام بەرەو ناوچەکانی دەروبەری پەلی دەکێشا, توشی بەرنگاریبونەوە دەبوەوە, بێگومان لە کوشتار و کەموکوڕی و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ قورتار نەبووە, بەلام لە هەناویدا تۆوێکی ڕۆشنگەری و تا ڕادەیەک مرۆڤدۆستیشی هەلگرتبوو, کە بوە هۆی کردنەوەی ئەو کۆمەلگە داخراوانەی ئەم ناوچەیە و دامەزراندنی شارستانیەتێک کە تا ڕادەیەک زۆربەی نەتەوە و ئایین و مەزهەبە جیاوەزەکانیش لە ژێر چەمکی تەسامحدا بەشداریان تێداکرد.
بەلام ئەم گوتارە ئیسلامیەی ئەمڕۆ هاوار بۆ جیهادێک و سەروەریەک دەکات, ئایدۆلۆژیایەکی وای لەخۆ گرتوە ناتوانێ هەلە و خالە لاوازەکانی خۆی ببینێ, دەرەوەی خۆی ڕەت دەکاتەوە. بۆیە لە ژێر بالیەوە -با نەشیەوێ- ئەم گروپە نەشازانە دەردەپەڕن.

دیارە جۆری تێگەیشتن لە تێکست و چەمک و ڕوودا و فێربونی خوێندنەوەیەکی بابەتیانە و کۆنترۆلکردنی عاتیفە و دیاریکردنی چۆنیەتی وەلامدانەوەی کاریگەریەکانی دەرەوە پەیوەست نیە تەنها بە گروپێکەوە, هەر ئەوانیش بە تەنها لێی بەرپرسیار نین, بەلکو دەزگاو پیاوانی ئایینی و بەرنامەی خوێندن و پەروەردە و مامۆستایان و کۆمەلگە بە گشتی ڕۆلێکی گرنگ دەبینن لە چۆنیەتی پەروەردەکردنی تاکەکانی و دیاریکردنی ئاراستەیان سەبارەت بە هەر کایەیەک لە کایەکانی ژیاندا. بۆیە کاتێ لە کۆمەلگە هۆشیارەکاندا هەر گروپێک یان حالەتێکی نەشاز سەرهەلدەدات, هەموو تاوانەکە ناخرێتە سەرشانی ئەو گروپە بەلکو هەموو کۆمەلگە خۆی لێ بەرپرسیار دەکات. بەلام دیارە ئەو گروپە بەشی گەورەی بەرپرسیاریەتیەکە دەبێ هەلگرێ.
بۆیە دەلێم ئەگەر ئاراستەی پرۆسەی پەروەردەکردن بە هەموو شێوەکانیەوە بە گشتی سەدەیەک لەمەوبەر لەم ناوچەیەدا بەرەو ئەم ئەگەرانە لای خوارەوە هەنگاوی بنایە و ئەمانەی بکردایەتیە خەمی تاکەکانی ئەلبەت تیرۆر لە خەیال و هزری تاکەکانی ئەم ناوچەیە بەم ڕادەیە جێی نەدەبوو.

⁕ ئەگەر تاکەکانی کۆمەلگە ئەوە فێربونایە کە -جهاد- هۆکار ( وسیلە) یکە نەک ئامانج ( هدف ), هەموو هۆکارێکیش لەم گەردوونەدا پێویست دەبێ بۆ وەدی هێنانی ئامانجێک لە ماوەیەکی دیاریکراودا, بەم واتایە هۆکار و ئامانج بەبەردەوام لە گۆراندا دەبن , **ئەلبەت**

دینامیکیەتیان بەم چەمکە ئەدا و نەیاندەوەستان و جەنگ و شەهید بونیان نەدەکردە ئامانج.

❋ ئەگەر ئەم جیهادیانە لە ووشەی جیهاد و لە مانای ژیان بگەشتنایە, **ئەلبەت** لەوە دەکۆلینەوە داخۆ ئەمڕۆ بۆ ئەم سەردەمە چ کارێک – جهاد –ە و ئەو جیهادە لە کوێدایە و چۆنە و هۆکار و ئەنجامەکەشی چیە ؟؟..

ئەگەر هۆشیار بونایە لە جیاوازی کردن لە نێوان ووشەی (جهاد) ووشەی ( قتال). **ئەلبەت** هەموو جیهانی ئیسلامی لە کاتی بیستنی ووشەی (جهاد)دا تەنها شەڕو کوشتار و(قتال) و شەهیدبوون و چالاکیەکانی تری کە پەیوەندی بە شەڕ و کوشتارەوە هەیە, بیر نەدەکەوێتەوە و جیهانی نا ئیسلامیش لە ناوهێنانی ئەم چەمکە توشی فۆبیا نەدەبوو. چونکە هەرکەس خاوەنی هەر چەمکێک بێ ئەو خۆی بە پلەی یەکەم لێپرسراوە لە بەرامبەر چۆنیەتی دەنگدانەوەی ئەو چەمکە لای خەلکانی تر.

❋ ئەگەر ئەو گروپانە وەک خۆیان دەبێژن, موسلمان بەرپرسیارە لە بەڕێوەبردنی سەرزەوی و گشت کۆمەلگەی مرۆڤایەتی و تەنها بەرنامەکەی ئەوە چارەسەری هەمو کێشەکان دەکات, **ئەلبەت** جارێ بیریان لەوە دەکردەوە چۆن سوود لە بیروبۆچون و زانست و مەعریفەی سەردەم وەرگرن تا لەبری ئەوەی ببنە بار بەسەر ولاتانی ترەوە, باری ولاتانی تریان هەلدەگرت, لەبری ئەوەی (يد السفلى) بوونایە (يد العليا) دەبوون.

((مەبەستم ئەوە نیە کە (يد سفلى), شورەیی بێ. بەلام شورەیی لەوەدایە کە دانی پێدا نەنێیت و ئەرکێکی تر کە پێت دەکرێ هەلینەگری .

❋ ئەگەر ئەوان وئێمەش لە دەستەواژەی ( **رحمة للعالمين** ) و ( **اني جاعل في الارض خليفة**... ) تێبگەشتنایە, **ئەلبەت** دەیانزانی ئەم سەرزەویە, ئەم گەردوونەی کە – ئەوان لە پێناوی داهێنەرەکەی ژیانی خۆیان و خەلکیشیان بە لاوە بێ نرخە_ پێویستی بە دروستکردن و داهێنان و چاککردنەوە و ڕێکخستن هەیە, نەک ڕووخان و تێکدان. ئەو کوشتن و بڕینەش کە ئەوان دەستیان داوەتێ, دەوەستا...

❋ ئەگەر ئەوان و –ئێمەش– بیانزانیایە ئەم سەرزەویە چەند خزمەتگوزاری و چاودێری و کار و تێکۆشانی دەوێ تا مرۆڤ بە کەرامەت بژی ( **و لقد كرمنا بني ادم** ) **ئەلبەت** دەیانزانی ئەم ئامانجە بەرزە بە خوێندنەوەی ئەم ئایەتە بە دەنگی خۆش و قسەی زل و گوتاری ئاگرین نایەتە دی.

❋ ئەگەر هۆشیاربونایە لەوەی کە ئەم گەردوونە, ئەم سەرزەویەی کە ئەوان تێیدا دەسوڕێنەوە ئەو گەردوون و سەرزەویە نیە کە باوباپیرانی ئەوان تێدا سوڕاونەتەوە. **ئەلبەت** چەمک و هۆکارەکانی باوانیان لەم سەردەمەدا نەدەسەپاند.

❋ ئەگەر بیانزانیایە ئەو وولاتەی یان ئەو کۆلانەی ئەوانی تێدا دەژی, پێویستی بە چەندە بیرکردنەوە و تێکۆشان و شەونخونی هەیە بۆ ئەوەی جوانتر بکرێ. **ئەلبەت** هەرگیز بیریان لەوە نەکردەوە خۆیان یان سەیارەی مینرێژکراو بە دەوروبەری خۆیاندا بتەقێننەوە.

❋ ئەگەر بیانزانیایە کوێر و کەڕو پەککەوتە و کەم ئەندامی و نەخۆشیەکان قەدەرێک نین کە تەسلیم بین پێی بەلکو نارێکی و ناتەواویەکن لەم سەرزەویەدا دەبێ مرۆڤەکان لە هەولی دۆزینەوەی چارەسەریدا بن بۆی, ئەگەر ئەوان بیانزایایە کە ڕۆژانە چەند مندال دێنە ئەم دنیایە بە ناتەواوی, هەریەکە لەوانە چەند تێکۆشان و بیرکردنەوە و کاری دەوێ تا بتوانرێ چارەسەر بکرێن یان چەند پڕۆژەی دەروونی و ڕۆحییان دەوێ تاباری قورسیان سوک بکرێ. نەک هەرئەوەندەش بەلکو مرۆڤگەلی تر لە بیری ئەوەدان چۆن بگەنە ئەو ئاستەی کە هەر بە تەواوی ڕێگربن لە هاتنە دنیای مندالی ناتەواو. **ئەلبەت** نەدەبونە هۆی ئەوەی ئەرکی خەستەخانەو دەزگا تەندروستیەکان ئەوەندەی تر ئالۆز بکەن.

❋ ئەگەر ئەوان و ئەوانەی دالدەی ئەو گروپە توندڕەوانە دەدەن بیانزانیایە لەم سەردەمەدا لە هەر چرکەیەکدا سێ مندال لە برسان لە جیهاندا دەمرن و ژمارەی زۆری ئەوانیش بەر وولاتانی ئەوان دەکەوون. **ئەلبەت** خەرجی ئەو کارە تیرۆریانە و سەیارەی مینرێژکراویان لە شوێنێکی وەک عێراقدا بەم ڕادە بێ مانایە بۆ پەیدا نەدەکردن .

❋ ئەگەر بیانزانیایە لافاو و بومەلەرزە و بورکان چ کارەساتێکن کە دەبنە هۆی لەناوبردنی ژیانی چەندەها مرۆڤ و هەژارخستنیان و بێمال و حال کردنیان ؟ چ کار و تێکۆشانی دەوێ بۆ قەرەبووکردنەوەی مرۆڤایەتی و گەردوون یان زال بوون بەسەریدا بۆ هەتا هەتایە ,–کە هەر مرۆڤیشە دەبێ ئەو ئەرکە ببینێ_ ئەگەر بیانزانیایە لە خانەکانی مرۆڤ ئەندامی وەک جگەر دروست دەکرێ, نەخۆشیەکانی وەک سەرەتان چارەسەردەکرێ و دلی وەستاو دەخرێتەوە ئیش . یان دەکرێ مرۆڤ بگاتە ئەو ئاستەی گیانەوەران و خودی خۆشی کۆپی بکاتەوە, ئەگەر بیانزانیایە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆ دێت و مرۆڤەکان لەم سەری گۆی زەوی بۆ ئەو سەری لە چرکەیەکدا پەیوەندی لەگەل یەکتر دەکەن, **ئەلبەت** هەزاران توانا و ئەقل و خەیال و خەونی جوانیان هەتا ئەمڕۆش نەدەکردە قوربانی سنور چوارچێوەی وولاتێک کە هەر هەمان مرۆڤگەل دروستیانکردوە کە ئەمڕۆ, لەگەلیاندا دەجەنگن.

❋ ئەگەر بیانزانیایە ڕۆژێ دادێ مرۆڤ پێی خۆی لەسەر هەسارەکانی تریش دادەنێ و دەیانپشکنێ و لە دەیان لایەنەوە سودیان لێوەردەگرێ.,,,, ئەگەر بیانزانیایە کە هەر بە دەستی مرۆڤ کە ماوەی هەزاران ڕۆژەڕێگە و هەزاران کیلۆمەتر بەچەند کاتژمێرێکدا

پێکەوە دەبەستێ... سەرەڕای ئەوەش بە پێی پێشکەوتنی زانست دەبێ ئەوە بە دوور نەزانی کە مرۆڤ خۆی وەک بالندەکان بتوانێ بفڕێ. **ئەلبەت** هەر چۆنێک بوایە نەدەبونە ڕێگر لەبەردەم ئەو مرۆڤگەل و حکومەت و زانکۆ و سەنتەرە زانستیانەی کە ئەمڕۆ بونەتە سەرچاوەی ئەو کارانە.

* ئەگەر بیانزانیایە بە هۆی هەلکەندنی زەوی و پشکنینی ئەشکەوتەکانەوە چەندەها چیرۆک و هەوال و جێگەدەستی مرۆڤگەلی سەردەمانی پێشووی ئەم سەرزەویە دەزانین و دەناسین , **ئەلبەت** ڕێزیان لە هەموو ماندوو بونێک لە نەخشە کێشانی بچوکترین تابلۆیەک تا دروستکردنی پردێکی هەلواسراو و ناشتنی نەمامێک دەگرت, ئەگەر ئەو فەرموودەیەی پەیامبەریان لە بیرنەکردایە: ( **ئەگەر نەمامێکت بە دەستەوە بوو, ویستت, بینێژی, لەو کاتەدا بینیت دنیا ئاخر دەبێ, مەوەستە نەمامەکەت بنێژە** ) **ئەلبەت,** داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئەمەریکاوە لێ نەدەبوە, قیامەت و ئاخری دنیا. چونکە تۆ بلێی, -ئەمەریکا کە لە زۆربەی وولاتانی دەروبەریاندا بونی هەیە-, سەختتر و بێ چارە تر بێ لە ئاخربونی دنیا.

* ئەگەر بیانزانیایە کەسانێک هەن شەو و ڕۆژ دەخەنە سەر یەک و بە ناو چڕی دارستان و وشکایی بیابان و بەرزی شاخەکان و پانتایی دەشت و قولایی دەریاکان و فراوانی ئاسمانەکاندا, ئەسوڕێنەوەو ڕۆژانە و مانگانە و سالانە, ڕاپۆرت و زانیاری جۆراوجۆر لەسەر مەخلوقاتە کانی ئەو خالقەی – ئەم گروپانە پێیان وایە دەبێ خۆیان لە پێناویدا بە کوشت بدەن -, لە ئەتۆمێکەوە تا مێرووییەک, پێشکەش بە مرۆڤایەتی دەکەن و هەزاران جار مرۆڤ دەخەنە دەریای ئەندێشە و سەرسوڕمان و حەزی زانین و لێکۆلینەوە و بە دوا چوونی تێدا دەهەژێنن و هۆشیاریدەکەنەوە کە چی لە دەوروبەریدا هەیە و چۆن سودی لێوەرگرێ و لە زیانەکانی خۆی بپارێزێ. **ئەلبەت** لە هەولی ئەوەدا ئەبوون هەرگیز نەبنە هۆی وەستانی ڕێڕەوی زانستی لە هیچ سوچ وپەنایەکی ئەم سەرزەویەدا.

* ئەگەر ئەوان بیانزانیایە مرۆڤ سەرەڕای ئەوەی خاوەنی پێنج هەستە و هەر هەموویان بەکاردێنێ کەچی مرۆڤگەلی ئەم سەردەمە عەودالە بە دوای هەستی شەشەمدا, ئەگەر بیانزانیایە مرۆڤگەلێک هەن لەم سەردەمەدا لە هەولی ئەوەدان کە چۆن بۆ نەوەکانی داهاتوو دنیایەکی باشتر بێننە کایەوە و چۆن بتوانن کارەساتی وەک بومە لەرزە و توانەوەی شاخە بەفرینەکان و لافاوە گەورەکان و ڕەشەبا و گەردەلول کۆنترۆل بکەن, **ئەلبەت** – جهاد -کردنیان لە هەموو ئەو کارانەدا دەبینیەوە نەک لە چەک و تەقینەوە و فڕۆکە فڕاندن و پەلاماردانی هێلی شەمەندەفەر و فڕۆکەخانە و بینای پەرلەمانی وولاتان کە نیشانەی شارستانیەتی و بەرهەمی کار و تێکۆشان و هەول و تەقەلا و بیرکردنەوەی مرۆڤگەلێکن وەک ئێمە هەمان ئەقل هەمان ڕوح بە بەریاندا کراوە. چونکە خوا دروستکردنی ژیانی دەوێ نەک لەناوبردنی.

⁕ ئەوان ئەگەر بیانزانیایە هەر مرۆڤگەلی ئەم سەرزەویە یە بەرپرسیارە لە هەموو جۆرە پیسبونەکانی ژینگە و توانەوەی شاخە بە فرینەکان, بەرزبونەوەی پلەی گەرمی زەوی وەهەر خۆشی بەرپرسیارە لە دۆزینەوەی چارەسەری زانستیدا. **ئەلبەتە** ئەوانیش شەرمیان لە خۆیان دەکرد کە ڕۆژانە لە عێراق و ئەفغانستان چەن تەن پاشماوەی -زیانبەخش بە ژینگە- بە هۆی کارە توند تیژەکانی نێوان خۆیان و -دوژمن -ەکانیانەوە کەلەکە دەبێ .

⁕ ئەگەر بیانزانیایە کەئەم سەزەویە سەروەت و خێرو خێراتی تێدا چێنراوە, بەلام دۆزینەوە و چۆنیەتی بەکارهێنانی لە خزمەتی مرۆڤایەتیدا, تێکۆشان و زانست و ئەقلی دروست و ویژدانی پاکی دەوێ. **ئەلبەت** وازیان لە ستراتیجیەت و گوتاری توند تیژی خۆیان دەهێنا.

⁕ ئەگەر ئەوان بیانزانیایە خێرو خێراتێکی وەک نەوت, شەربەت نیە کەس بتوانێ هەلیقوڕێنێ!! بەلکو نەوت پێویستی بە زانست و پسپۆڕ و کۆمپانیا و بازاڕ هەیە تا مرۆڤگەلی هەژاری ئێمە, سودی لێ ببینێ. **ئەلبەت** فیدرالیەت و دیموکراسیەت نەدەبووە مۆتەکەی بیرکردنەوەیان و نەدەبوونە ڕێگر لەوەی کە عێراق و ئەفغانستان و فەلەستینیش وەک وولاتانی دوبەی و قەتەر و مالیزیا, و چین و یابان یان لێبێ, هەر هیچ نەبێ بگەشتنایەتە ئاستی کوێت. چونکە ئەوان تا ڕادەیەک خۆیان لە گرێی دەروونی -ئیستعمار و ئیمپریالیزم و سەهیونیەت- ڕزگار کردووە, دەبینی سەر لە نوێ خۆیان دروستکردەوە.

⁕ ئەگەر بیانزانیایە جیهانی خۆر ئاوا وا لە دۆزینەوەی جۆرێکی تر لە ووزەیە کە نەوەکانی داهاتووی لە بری نەوت سودی لێ ببینن, **ئەلبەت** مەسەلەی -نەوت- لایان ئەوەندە نەدەبووە گرێ و گرفت.

⁕ ئەگەر وورد بونایە دەبوو بیر لەوە بکەنەوە ئەو قوربانیانەی کە ئەوان ئەیدەن چی چاوەڕێیان دەکات. کە باوکێک لە لایەن ئەمریکی و ئیسرائیلیەکانەوە دەکوژرێ مندال و خێزانەکەی دەگەڕێتەوە مالێکی وێران وولاتێکی داڕووخاو, نیشتمانێکی وشک و برنگ و بێ کاری و بێ کارەبایی و بێ ئاوی. بەلام ئەو قوربانیانەی کە ئەمریکی و ئیسرائیلیەکان دەیدەن مندال و خێزانیان مالێک و وولاتێکی ئاوەدان و نیشتمانێکی تەڕو سەوز دەیانگرێتە خۆی و چەندەها پرۆژەی خومەتگوزاری و دەرونی و ڕوحی چاوەڕێیان دەکات, ئەگەر بیانزانیایە کە ئەو بریندار و دەست پەڕیو و قاچ پەڕیوانەی کە لە ئەنجامی کارە تیرۆرستیەکانی ئەوان دەکەوێتەوە, ناچنە نەخۆشخانەیەک وەک نەخۆشخانەکانی ئەمریکا, بەلکو ئەوان بەرەو ئەو نەخۆشخانانە دەبرێن کە نزمترین ڕادەی ئامادەباشی بۆ

ڕزگارکردنیان لە مردن تێدایە نیە. **ئەلبەتە** دەیانزانی کە ئەوان نین جهاد دەکەن بەلکو ئەو دکتۆر و کارگێڕانەی ئەو نەخۆشخانانە کە دۆش دائەمێنن بۆ چارەسەرکردنی بریندارەکان لەبەر نەبونی کەرەستە و ئامێری وا کە ئومێدی ژیانەوەی کەسێکی لێ بکرێ.

مەبەستی من ئەوە نیە کە هەموو گوناهی کوشتن و بریندار بون و کەم ئەندامبونی مرۆڤگەلی لای خۆمان بە تەنها بخەمە ئەستۆی ئەو گروپە جیهادیانە, بەلام کێشەی من لەگەل ئەواندا ئەوەیە کە هەر زیانێک ئەو گروپانە بە مرۆڤگەلی خۆیان دەگەینن, دەبێ بۆ قەرەبوکردنەوەیان دیسانەوە پەنا بەرینەوە لای ئەو ڕێکخراو و کۆمەلگە و دەزگا حکومەتیانەی ئەو وولاتانەی کە ئەم گرووپانە دژیان کار تیرۆرستی دەکەن و گوتارو ستراتیژیەتیان لەسەر بەکافرکردن و دژیایەتی کردنی ئەوان دادەمەزرێنن.

⁎ئەگەر ئەوان ئەم تێکستەی قورئانیان لە بیر نەکردایە ( و لا يجرمنكم شنان قوم على ان لا تعدلوا...) واتە ڕقبونەوەتان لە گەلێک با واتان لێنەکات دادپەروەر نەبن. **ئەلبەتە** بە گژ مرۆڤگەلێکدا نە دەچوونەوە کە سەرچاوەی هەموو ئەو کارانە بن کە خۆیان و سەرتاپای مرۆڤایەتی و ئەم گەردوونە پێویستیەتی. تا بۆ نەوەکانی داهاتوو جوانتر و ڕێکتر بێ.

⁎ ئەگەر ئەوان بیانزانیایە هەر موسولمانان نەبوون کە شارستانیەتیان هەبوە و ڕۆژێ لە ڕۆژان بوونەتە ڕەحمەت بۆ ئەم سەرزەویە, بەلکو خەلکی تریش پێش ئەوان و دوای ئەوانیش هەبوون و دێن و دەبنە خاوەنی شارستانیەت. هەروەک لە قورئانیشدا هاتوە (و تلك الايام نداولها بين الناس ). واتە ( ڕۆژگار دەستاو دەست پێدەکەین لە ناو خەلکدا). **ئەلبەت** دانیان بەوەدا دەنا کە ئەوان وەک ئوممەی ئیسلامی ڕۆلی خۆیان لە سەروەریەتی لەم سەرزەویە بینیوە و ئەمڕۆ دەشێ نۆرەی مرۆڤگەلی تر بێ ئەو ڕۆلە ببینن. ئەمانیش زیرەکانە هەر بە ناوی جیهادەوە دەبوونە هۆکاری سود وەرگرتن لێیان و نەک بە ناوی جهادەوە ببنە هۆی دواخستنی پرۆژەی پێکەوە ژیانی مرۆڤگەلی ئەم سەرزەمینە. پرۆژەی (يايها اهل الكتاب تعالوا الى كلمة سواء بيننا و بينكم.. ) لەوە زیاتر دوانەدەکەوت.

⁎ ئەگەر هۆشیاربونایە دیارە ناوی ئەم گرووپانە وا بە ئاسانی بە پلانێکی ئەمەریکا نە دەچوە لیستی سەددام و سەددامیەکانەوە. **ئەلبەت** هۆشیار دەبون دوژمنەکەیان!! لۆژیک و ئەقلی پێ لە دەست نەدەدان و سۆز و عاتیفە هەموو ژیان و بیرکردنەوەی دیاری نەدەکردن.

⁎ با ئەوەش بلێم وەک ئەگەرێک, ئەگەر سیاسەتی ئەمەریکی و ئیسرائیلی بە شێوەیەکی تر بوایە و هێواشتر و هێمنانە تر بوایە **لەوانەیە** کاری تیرۆری بە ناوی جیهادەوە بەو ڕادەیە پەرەسەندوو نەبوایە, بەلام خۆ ناشبێ ئەو ڕاستیە تالەش لە بیر بکەین کە زۆر پێشتر لە بوونی ئەمەریکا, مرۆڤگەلی ئەم ناوچەیە تیرۆری بە ناوی چەمکی جیهادەوە لەگەل یەکتردا بەکار هێناوە.

من کە ئەم بۆچونەشم هەیە پێم وانیە کە تەنها گروپە توندڕەوەکانی ئەمڕۆی جیهانی ئیسلامی, کارەسات و نەهامەتی بۆ مرۆڤایەتی دێنن و کوشتن و تێکدان و ڕەتکردنەوەی ئەویدی بەکار دێنن, بەلکو پارت و گروپ و ڕێباز و مرۆڤگەلی تریش زۆرن کە تاوانەکانیان بەرامبەر مرۆڤایەتی و ئەم سەرزەویە ناشاردرێتەوە. بەلام کێشەی گەورە و سەخت ئەوەیە کە کەس وەکو ئەو گروپە جیهادیانە خۆی بە نوێنەری خوا نازانێ و کەسیش وەک ئەوان هونەرمەند نیە بۆ بەلگە هێنانەوە و پاساودانی کار و تاوان و بیروهۆشی گەندەلیان. دیارە ئەو گروپانە ئازادن ئەگەر بە ناوی خۆیانەوە بدوانایە, بەلام وەک تێبینی دەکرێ ئەوان بە ناوی هەمو موسلمانانی جیهانەوە لێدوان و دیمانە دەکەن. نەک هەر بە ناوی موسلمان بەلکو بە ناوی خوایەکەوە کە خۆی ڕازی نابێ خوای گەلێک یان کۆمەلێک یان پارتێک بێت بەلکو ئەو خوای ئەم سەرزەویە یە بۆ هەموان ژیان و ڕەحمەت و باران و هەلی سەرکەوتن و پێشکەوتن دەبەخشێ, تەنها بەو مەرجەی کە خەمی مرۆڤایەتی ئەم سەرزەویە بخۆن, نەک نوقمی خوێن و ڕووخان و تێکدان و دواکەوتنی بکەن ..

جگە لەوەش ئەوانی تر ئەگەر هەر هەلە و کارەسات و تاوانێکیش بکەن بەلام دوو ئەوەندەش خزمەتگوزاری و پێشکەوتنخوازی لەم سەردەمەدا بە مرۆڤایەتی پێشکەش دەکەن و ئەوان بۆ ئەم سەردەمە –بە هەموو هەلەکانیانەوە– سەرچاوەی مەعریفە و زانست و بیری هیومانیستین. هەروەک چۆن شارستانیەتی ئیسلامی لە سەردەمی خۆیدا ئەو ڕۆلەی دەبینی و ئەو کاتیش ئەوانەی کە ئەمڕۆ خاوەنی ئەو شارستانیەتەن کە ئاماژەمان پێدا, ئەوان لە تاریکیدا دەژیان . بۆیە ئەمڕۆ ئێمەی موسولمان لە بری ئەوەی بە گژ ئەم و ئەودا بچین, دەبێ خۆمان بناسین و دان بەوەدا بنێیین کە لە تاریکیدا ئەژین, ئەوە تەنها ڕێگەیەکە بۆ ئەوانەی کە هەلگری ناسنامەی ئیسلامین, مۆرکی بیرۆهۆشی تێکدان و ڕەتکردنەوەی ئەویتر لە خۆیان بکەنەوە.